# پرۆژەی دەستووری تازە، کورد لە عێراق مارە دەکات!

سالار سۆفی
salarsofy@hotmail.com

بە پێی هەواڵێك کە رۆژی 2. 8. 2003 لە سایتی (ئیلاف) دا بلاوبووەتەوە و رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ش لە ژمارەی 3134، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی 3. 8. 2003 لاپەرە 11 لە هەمان سەرچاوەوە وەری گرتووە و بلاوی کردووەتەوە، (وەزارەتی دادی عێراقی) رەشنووسی پرۆژەی دەستوورێکی گەیاندووەتە (ئەنجومەنی دەسەلات) . نیازیش وایە کە چەند لیژنەیەکی تایبەتیش بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینەوە و ئامادەکردنی ئەو دەستوورە دەستنیشان بکرێت.

لەو هەواڵەدا سیمای بەندە بنەرەتییەکانی پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ئاشکرا کراوە. ئەوەی من لێرەدا باسی دەکەم، تەنها پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق و مافەکانی خەڵکی کوردستانە لەو دەستوورەدا.

لە بەندە دیار و گرنگەکانی ئەو دەستوورە نوێیە، (رێزگرتن لە مافەکانی گەلی کورد) و (دامەزراندنی وڵاتی عێراق لەسەر بنەمای یەکێتییەکی فیدراڵی) یە. رەنگە ئەم بەندانە لە یەکەم سەرنجدا، بە هەنگاوێك روو لە بەدەستهێنانی مافە هەمیشە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستان ناوزەد بکرێن، بەڵام لە راستیدا برواهێنان بەم ئەنجامگیرییە هێندە ئاسان نییە.

بەدەر لەوەی فیدراڵییەت چارەسەری کێشەی کورد دەکات یان نا، شاگەشکەبوونمان بە بوونی وشەی (فیدراڵی) لە دەستووردا، بە بێ لێکدانەوەی گشت رووەکانی و ووردەکارییەکانی، تەنها ساکاری و دڵپاکیمان دەردەخات. بە داخەوە لە جیهانی سیاسەتدا بەساکاری و دڵپاکی بەردێك ناخرێتە سەر بەردێك.

بۆیە پێویستە بە وشەی (فیدراڵی) خۆشخەیاڵ نەبین و تا ئەو کاتەی بۆمان روون نەبێتەوە کە:

ئایا عێراق دابەش دەکرێت بەسەر چەند هەرێمی فیدراڵییەوە؟

ئایا رەنگ و بۆی ئەو وڵاتە فیدراڵە چییە؟

ئایا لەسەر چ بنەمایەکە؟

ئایا سنوورە جوگرافییەکان لە کوێوە بۆ کوێن؟

ئایا سنووری دەسەڵاتی هەر یەك لە هەرێمە فیدراڵەکان و دەسەڵاتی ناوەندی تا کوێیە؟

تا ئەو کاتەی وەڵامی ئەم (ئایا) یانە و دەیان ئایای تر بە راشکاوی نەدرێتەوە، ئەوا (رێزگرتن لە مافەکانی گەلی کورد) و (عێراقێکی فیدراڵی) کە بە بەشێك لە بەندە گرنگەکانی دەستوورەکە دادەنرێن، تەنها وەك ریزێك وشەی بێ گیان لە دەستووردا دەمێننەوە و بچووکترین ئاواتەکانی گەلی کورد ناهێننە دی.

ئەوەی کە زۆر سەرنجراکێش بێت و راستەوخۆ پەیوەندی بە مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەبێت لەو پرۆژەیەی دەستووری تازەی عێراقیدا ئەم بەندەی خوارەوەیە:

(بە تاواندانانی هەر بیروڕایەکی رەگەزپەرستانە یان نەتەوەیی توندڕەو <u>کە زیان بە یەکێتی وڵات و پێکهاتەی گەلی عێراق بگەیەنێت</u>) .

ئەگەر چی پێویستە دەستخۆشی لە بەشی یەکەمی ئەم بەندە (تاوانبارکردنی هەر بیروڕایەکی رەگەزپەرستانە یان نەتەوەیی توندڕەو. . . . . .) بکرێت کە لە دژی بیری رەگەزپەرستانە و نەتەوەیی توندڕەو و راسیستی وەستاوەتەوە کە نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی تردا زاڵ دەکات و بە دوو چاوی جیاوازەوە لە نەتەوەکان دەڕوانێت و دەیانخاتە ئاست و پلەی ناهاوتاوە و هەر بەم پێیەش رەفتاریان لەگەڵدا دەکات (ئاشکرایە کەگەلی کوردیش تا ئێستا یەکێك لە گەورەترین قوربانییانی ئەم

سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەیە) ، بەڵام لە بەشی دووەمی بەندەکەدا (. . . . . . . . . . . . . کە زیان بە یەکێتی وڵات و پێکهاتەی گەلی عێراق بگەیەنێت) مەبەستەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و هەر هەوڵێك کەزیان بە یەکپارچەیی عێراق و پێکهاتەی گەلی عێراق بگەیەنێت، واتە بیر لە جیابوونەوەی (کوردستان لە عێراق) بکاتەوە، بە ڕەگەزپەرستی و نەتەوەیی توندڕەوی ناو دەبرێت و وەك تاوانبارێك ڕوو بە ڕووی دادگا و سزادان دەکرێتەوە.

هەر خودی ئەم دەستوورە، (ڕەگەزپەرستی) کردووە بە بیانوویەك بۆ ڕێگەگرتن لە خەڵکی کورد و مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان لە دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی کوردستان، هەر کاتێك کە خۆیان پێیان باش بوو. بەو مانایەی بە بیانووی قەدەغەکردنی ڕەگەزپەرستییەوە، ناشرینترین ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەی سەردەست لە بەرامبەر بە گەلی کورد دەنوێنن.

ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە بە کورتی، قەدەغەکردن و تاوانبارکردنی هەر بیروبۆچوون و پارت و ڕێکخراوێکە کە مەبەستی هەنگاونان بێت بەرەو پێگەیاندنی پێناسەی نیشتیمانیی کوردستان و سەروسیمادان بە وڵاتی سەربەخۆی کوردستان و کەسایەتی کوردی، وەك هەر گروپێکی ئێتنیکی تر.

ئەگەر تا ئێستا (دەستووری کاتی) ی ڕژێمە گۆڕبەگۆڕەکانی عێراق، وەك هەر ڕژێمێکی دیکتاتۆری تر، کەسایەتی کوردییان بە کەنیزەك ڕاگرتبوو و لە ڕیزی دوواوەی بەهرەمەندەکان و لە ڕیزی پێشەوەی مافخوراوان و قوربانییان و ئەنفالکراوان دانابوو، ئەوا لەمەودووا ئەگەر پرۆژەی لەم جۆرە سەر بگرێت، (دەستووری جێگیری عێراقی) بە ناوی دیموکراتی و گەمەکانییەوە کەسایەتی کوردی و کوردستانی بەیەکجاری لە کەسایەتی عێراقی مارە دەکات و هەموو مافێکی لێ زەوت دەکات و تەنانەت بیرکردنەوە و خەون بینینیش بە وڵاتێکی سەربەخۆوە بە (زینا) ناوزەد دەکات و ئەو کاتەش بە شەرع و دیموکراتییەت وەك (ژنێکی زیناکردوو لە ئیسلامدا) خوێنمان حەڵاڵ دەکەن.

2003 .8 .3

هێلسینکی

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.